**- هەموو پەیوەندییەک بۆ خۆی کۆژانێکە. ئەگەر تۆ خۆت نەتوانیت قووڵترین کێشەی بنچینەیی ڕۆحی خۆت چارەسەر بکەیت، ئەوسا ناتوانیت هیچ کام لە کێشە سۆزدارییەکی خۆت چارەسەر بکەیت**
**- لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ژنانی بێچارە سەرکز و کپ و خامۆش دەبن و خۆ بەدەستەوە دەدەن و بە تەواوەتی دادەمرکێنەوە ـــ ئەوەشیان هەر جۆرێکە لە خۆگونجاندن و سازشکردن لەگەڵ ئەو دۆخە نالەبارەی کە هەیە و دێتە پێشێ**
**- ئەگەر تۆ هەر بەڕێکەوت هاوسەرگیرییەکی شادومانت بینی، هەر لە خۆتەوە و کوێرانە متمانە مەکە و بە دیوە رووکەشەکەی فریو مەخۆ. هەوڵ بدە پتر بچیتە قووڵاییەوە ئەوسا سەرسام دەبیت**
**- هەر کاتێک تۆ فێر بوویت کە چۆن بە تەنیا بژیت، هەر کاتێک تۆ خۆت فێر کرد چۆن خۆشی لەو بوونە سادەیەی خۆت ببینیت، بێ هیچ پڕ و بیانوویەک، ئەوسا ئەگەری ئەوە هەیە کە کێشەی دووەم چارەسەر بکەیت، کێشەی زۆر ئاڵۆزی دوو کەس کە گەرەکیانە پێکەوە بژین**
**- زۆر گرانە ئاسان و راستەوخۆ شارەزای هەموو کێشە و گرفتەکانی خۆت بیت، زۆر ئاسانترە بۆ تۆ لە ڕێگەی پەیوەندییەکەوە ئاشنای خۆت و گرفتەکانت بیت**
**- هیچ کەسێک هەوڵی نەداوە کە تۆ ناشیرین بنوێنیت ـ تۆ خۆت ڕەزاگرانیت. ببوورە.. بەڵام ئەوەیان راستییە. سوپاسی بەرامبەرەکەت بکە و شوکرانەبژێر بە چونکە یارمەتیی داویت رووخساری خۆت وەک خۆی کە هەیە ببینیت**

**هیچ پەیوەندییەک نییە بگاتە ئاکامی خۆی بە بێ کێشە و گرفت**

**نووسینی: ئۆشۆ**

باشترین و تۆکمەترین پایە و ڕۆحی پەیوەندی، خودی خۆشەویستییە، واتا ئێمە قسە لە تاکە کۆڵەگە و بناغەی دامەزراوی خۆشەویستی دەکەین، بە واتا ڕۆحی ڕۆحەکان کە خۆشەویستییە. چونکە پەیوەندی بۆ خۆی مەتەڵێکە بێ ئاماژەکردن بۆ ئەو ڕۆح و گەوهەرە. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ دەخوازیت کە بتوانیت خۆت لەگەڵیدا بسازێنیت. هیچ کەسیش بەتەواوی نەیتوانیوە خۆشەویستی ساز بکات و خۆی لەگەڵیدا تەبا و تفاق و ساز و ئامادە بکات. ئەوەی کە بووە و کراوە زۆر بە سادەیی رووبمان دێت بڵێین کە دیسانەوە بە مەتەڵکردنی پەیوەندی و خۆشەویستییە، بە جۆرێک کە هەر وەک مەتەڵ ماوەتەوە. چەندە پتر بتەوێت پێناسەی بکەیت و سادەی بکەیتەوە، ئەوەندە زیاتر ئاڵۆزتر و نادیارتر دەبێت. هەرچەندە هەوڵ بدەیت تێی بگەیت، پتر پەنهان و شاراوەتر خۆی پیشان دەدەات.
ئەوەیان مەزنترین وانەیە کە مامۆستایانی سەر بە ڕێبازی 'زن' بە قوتابیان و شاگردەکانی خۆیانی دەڵێنەوە. چونکە ئەوان پتر روویان لە تێرامان و مێدیتاسیۆنە. لەبەرئەوەی گەیشتن بەو ڕۆحە ئاڵۆزترە لەوەی خەیاڵت بۆی دەچێت، چونکە ڕۆحی پەیوەندیی نێوان تۆ و بەرامبەرەکەت ئاسان نییە کە ئێوە دوو کەسی جیاوازن، یان بە جیاوازیی زۆرەوە دروست کراون و پەروەردە کراون، ژینگە و هەلومەرجەکان جیاوازن، دوو جەمسەری دژوارن بە یەکدی، هەر یەکەتان بە ئاراستەیەکی جیاوازدا دەڕوات، گەرەکتانە خراپ کەڵک لە یەکدی وەربگرن، یەکدی داگیر بکەن و هەر یەکە و حەز دەکات بێت بە خاوەنی بەرامبەرەکەی، یان زاڵ بێت بەسەر ئەوی دیکەدا... بە واتا هەزار و یەک گرفت و کێشە دێنە سەر ڕێگاتان.
ئەو کاتەی ئێوە دەچنە خەڵوەتی خۆتان و سەرگەرمی تێرامان و خوردبوونەوە دەبن و دە فیکراندا ڕۆ دەچن سەبارەت بە خۆتان و دونیا، تاکە کێشە و گرفتتان ئەوەیە کە چۆن خامۆش بن، چۆن بتوانیت هەر لە سەرەتاوە نەکەویتە ناو گێژەنی دەیەها بیر و بۆچوون و غایەلە، گیرۆدەی خەیاڵاتی ئاڵۆز نەبیت، چونکە هەموو پەیوەندەییەکان لە ناوئاخندا هەڵگری هەزار و یەک گرفت و تەڵزگەن. ئەگەر تۆ خامۆش بیت، ئەوەیان بۆ خۆی کێشەیە. هەر وەک خۆت ئاسایی لە تەک هاوسەرەکەتدا بە خامۆشی دابنیشە و هیچ قسە مەکە ـــ یەکسەر و دەستبەجێ هەڵدەکوتێتە سەرت و دەپرسێ: 'بۆچی وا بێدەنگیت؟ بە نیازی چیت و مەبەستت لەم مۆنی و خامۆشییە چییە؟' یان قسان بکە، دیسانەوە تووشی کێشە دەبیت ـ هەرچییەکی تا ئێستا وتووتە هیچی بەسەر هیچەوە نییە و تێت ناگەم.
هیچ پەیوەندییەک نییە بگاتە ئاکامی خۆی بە بێ کێشە و گرفت. یاخود گەر لە هەندێک جاردا وا ڕێکەوت کە پەیوەندییەک بە بێ گرفت گەیشتە ئەنجام و بێ کۆسپ و تەگەرە ئامانجەکانی خۆی پێکا، لەوەدا گومان بکە کە ئەوەیان ناچێتە خانەی پەیوەندییەوە. بە واتا ئەو پەیوەندییە نەماوە و ون بووە ـ جەنگاوەرەکانیش ماندوو بوون، بە واتا کەسەکان کەوتوونەتە کەڵکەڵەی ئەوەی کە یەکدی وەک ئەوەی هەن پەسند بکەن و بە هەموو شتەکانیش قایل بن. ئیدی ئەوان تەواو بێزار بوون و چیتر ئامادە نین بجەنگن. ئەوان لەوەدا نەماون یاخی بن و مل نەدەن، هێزی ئەوەشیان نییە بەرەو باشتر و جوانتر هەنگاو بنێن.

یانژی.. لە رابردوودا خەڵکەکە هەوڵیان داوە کە ئەگەر بە زۆردارەکیش بوویێت جۆرێک لە هاوسەنگی و هارمۆنی بدۆزنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ژنانی بێچارە سەرکز و کپ و خامۆش دەبن و خۆ بەدەستەوە دەدەن و بە تەواوەتی دادەمرکێنەوە ــ ئەوەشیان هەر جۆرێکە لە خۆگونجاندن و سازشکردن لەگەڵ ئەو دۆخە نالەبارەی کە هەیە و دێتە پێشیێ. رێک هەر ئەوەشە کە ژن ناچار دەکات بکەوێتە دوای پیاوەکەی، ئەوەش وا دەردەکەوێت کە کێشە و گرفت نەماوە. بەڵام ئەوەیان بە هیچ کلۆجێک ناچێتە خانەی پەیوەندییەوە. ئەو کاتەی خانمەکە چیتر سەربەخۆ نیە و پشتی بە پیاوەکە بەستووە، خۆیان و خەڵکی وا مەزەندە دەکەن کە هیچ کێشە و گرفتێک لە ئارادا نەماوە ـ بەڵام مەرجە ئەوە بزانین کە ژنەکەش تەواو ون بووەو نەماوە. ئەوسا ژنەکە بووەتە شتێک وەک هەر کەلوپەلێک کە بەکار دێت، ئەوەشیان هیچ خۆشی و چێژێکی تێدا نییە، ئیدی وای لێدێت پیاوەکە بە دوای ژنێکی دیکەدا بگەڕێت.
ئەگەر تۆ هەر بەڕێکەوت هاوسەرگیرییەکی شادومانت پینی، هەر لە خۆتەوە و کوێرانە متمانە مەکە و بە دیوە رووکەشەکەی فریو مەخۆ. هەوڵ بدە پتر بچیتە قووڵاییەوە ئەوسا سەرسام دەبیت. من جارێکیان گوێم لە زەماوەندێکی بەختەوەر بووە...
جوتیارێکی چیانشین بڕیاری دا ژن بێنێت، زینی لە هێسترەکەی بەست و رووەو شار ملی نا تاوەکو ژنێک بدۆزێتەوە. رێکەوتی ژنێکی کرد و خواستی. هەردووکیان سواری هێسترەکە بوون بەو نیازەی بگەڕێنەوە سەر مەزرا و باخ و بێستانی جووتیارەکە. پاش ماوەیەک هێسترەکە مانی گرت و هەنگاوێکی دیکەی نەنا. کابرا دابەزی و دارێکی گەورۆنەی دۆزییەوە، ئەوەندەی دارکاری کرد کە هێستری تاین ناچار بوو بجووڵێت.
جووتیارەکە وتی: ' ئەوەیان یەک.'
چەند میلێک دواتر.. دیسانەوە هێسترەکە غەزری و بۆ جاری دووەم مانی گرتەوە و نەدەجووڵا، هەر هەمان بەزمی زووتر دووبارە بۆوە. لە دوای دارکارییەکە هێسترەکە ناچار بوو بکەوێتە جووڵە. کابرا وتی: 'ئەوەیان دوو.'
پاش چەند میلێک و گیانداری بەدبەخت بۆ جاری سێیەم وەستایەوە. جووتیاری دەمارگیر دابەزی و ژنەکەشی دابەزاند، ئەوسا دەمانچەکەی دەرهێنا و یەک فیشەکی نا بە چاوێکی هێسترەکە و یەکاندەردوو کوشتی.
ژنەکە کەوتە هات و هاوار:
' ئەوەیان کارێکی گێلانە و شێتانە بوو، ئەو هێسترە بۆ ئێمە بەکەڵک بوو، هەر لەبەر ئەوەی بێزاری کردیت... کەللەپووتانە کوشتت.. ئەوەیان تاوان و گوناە بوو کە تۆ کردت...' بەم شێوەیە و داخدارانە لە شاتەشاتی خۆی نەوەستا تا ماندوو بوو، کە بۆ هەناسەیەک و پشوویەک وەستا، جووتیارەکە زاری هەڵێنا و وتی:
' ئەوەیان یەک..!'
دوای ئەوە رووداوە دەگێڕنەوە کە تا کۆتایی ئەو جووتیارە و ژنەکەی زەماوەندێکی خۆشیان بوو. ئەوەیان شێوازێک بووە بۆ چارەسەر و رێکخستنی هەموو شتەکان، لە رۆژگارێکی دێریندا هەر بەم مەترسی و هەڕەشانەوە پەیوەندییەکان بەڕێوە چوون. لەوە دەچێت لە داهاتوودا پێچەوانەکەی تاقی بکرێتەوە ـ بە واتا مێردەکە دەکەوێتە دوای ژنەکە و ملکەچ دەکات، بەڵام لەوەشدا هەر هەمان چیرۆک دووبارە دەبێتەوە.
هەموو پەیوەندییەک بۆ خۆی کۆژانێکە. ئەگەر تۆ خۆت نەتوانیت قووڵترین کێشەی بنچینەیی رۆحی خۆت چارەسەر بکەیت، ئەوسا ناتوانیت هیچ کام لە کێشە سۆزدارییەکی خۆت چارەسەر بکەیت. گرفت و کێشەی خۆشەویستی بە تەنها ئەو کاتە چارەسەر دەکرێت کە تۆ بتوانیت پێشتر کێشەی مێدیتاسیۆن و تێرامان و لە خۆخوردبوونەوە چارەسەر بکەیت..نەک دواتر. چونکە هەر بەڕاستی دوو کەسی دوور لە تێرامان و قووڵ تێفکرین گرفت و کێشە بۆ خۆیان و خەڵکی دروست دەکەن. دوو کەس کە سەریان لێ شێواوە و خۆشیان بۆ خۆیان نازانن کێن ـ تا بێت پتر دەبنە مایەی پشێوی بۆ یەکدی و سەرگەردان دەبن، گرفت و کێشەی زیاتر بۆ یەکدی دروست دەکەن بە رادەیەک کە هەموو شتێک لەبەر دەمی یەکدیدا دەکەن بە کێو.
تاوەکو مێدیتاسیۆن و لە خۆ ڕامان فەراهەم نەبێت، خودی خۆشەویستی وەک خەم و کارەسات دەمێنێتەوە. هەر کاتێک تۆ فێر بوویت کە چۆن بە تەنیا بژیت، هەر کاتێک تۆ خۆت فێر کرد چۆن خۆشی لەو بوونە سادەیەی خۆت ببینیت، بێ هیچ پڕ و بیانوویەک، ئەوسا ئەگەری ئەوە هەیە کە کێشەی دووەم چارەسەر بکەیت، کێشەی زۆر ئاڵۆزی دوو کەس کە گەرەکیانە پێکەوە بژین. بە تەنها دوو کەسی ئەندێشەمەند و نوقمی تێرامان و خەڵوەتکێش دەتوانن لە ناو خۆشەویستیدا بژین ـ ئەوسا خۆشەویستی نابێت بە سەرچاوەی کۆژانەکان. گەر زۆر بە ئاسانی: تۆ بڵێیت تەواو من لە هەموو نهێنییەکانی ئەو پەیوەندییە تێگەیشتووم، ئەوسا ئەوەیان چیدیکە ناوی پەیوەندی نییە، دۆخی خۆشەویستی لەوە پەنهانترە کە بە ئاسانی دەستت پێڕا بگات.
کەواتە من لە پشێوی و دەردەسەریی خۆشەویستی تێدەگەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من خەڵکی هان دەدەم خۆیان فڕێ بدەنە ناو ئەو تەڵزگە و خەم و سەرئێشەیە چونکە هەر ئەو گرفت و دەردەسەریانە هۆشیارت دەکات بە سەرەکیترین و قووڵترین پرس و کێشەی بنچینەیی ـ ئەویش ئەوەیە کە تۆ لە ناو قووڵایی بوون و رۆحتدا بۆ خۆت وەک مەتەڵ وایت و پڕیت لە نهێنی. ئەویدیکە کە هاودەمی تۆیە، دەکرێت زۆر بە سادەیی بڵێین: ئەم بۆ تۆ بێجگە لە ئاوێنە هیچی دیکە نییە. زۆر گرانە ئاسان و راستەوخۆ شارەزای هەموو کێشە و گرفتەکانی خۆت بیت، زۆر ئاسانترە بۆ تۆ لە رێگەی پەیوەندییەکەوە ئاشنای خۆت و گرفتەکانت بیت. ئەوەتا ئەویدیکە وەک ئاوێنە وا لە بەرامبەرت وەستاوە، دەتوانیت رووخساری خۆت دەنێو ئاوێنەکەدا ببینیت، ئەویدیکەش بۆی هەیە لە ئاوێنەکەی تۆدا زۆر باشتر خۆی ببینێت. دیارە هەردووکیان زۆر تووڕەن چونکە رووخساری ناشیرینی خۆیان دەبینن. هەڵبەتە زۆر ئاسایی بەسەر یەکدیدا هاوار دەکەن و

دەقیژێنن، چونکە بە مافی خۆیانی دەزانن بەو لۆژیکە بە رووی یەکدیدا هەڵشاخێن و هەر یەکەو بەویدیکە بڵێت:
' ئەوەیان گوناهی تۆیە..کە ئەم ئاوێنەیە بەم چەشنە ناشیرین من پیشان دەدات، ئەگینا خۆم تا خودا دەڵێت بەس..جوانم.'
ئەوەیان رێک ئەو کێشە و گرفتەیە کە عاشقەکان و دڵدار و دڵخوازەکان هەوڵ دەدەن چارەسەری بکەن، دیارە ناشتوانن چارەسەری بکەن. ئەو قسەیەی کە ئەوان جار لە دوای جار دووبارە و دە بارەی دەکەنەوە ئەوەیە: 'من تا بڵێیت کەسێکی جوانم، ئەوە تەنها تۆیت کە وات کردووە من ئاواهی ناشیرین و بەدفەساڵ دەربکەوم..!'
هیچ کەسێک هەوڵی نەداوە کە تۆ ناشیرین بنوێنیت ـ تۆ خۆت ڕەزاگرانیت. ببوورە.. بەڵام ئەوەیان راستییە. سوپاسی بەرامبەرەکەت بکە و شوکرانەبژێر بە چونکە یارمەتیی داویت رووخساری خۆت وەک خۆی کە هەیە ببینیت. خۆت توورە و سەغڵەت مەکە. گەر پێت دەکرێت زۆر قووڵ شۆڕ بەرەوە ناو ناخ و رۆحی خۆتەوە..زۆر قووڵتریش لە خۆت ڕابمێنە و لە ناو خەڵوەتی خۆتدا نوقمی مێدیتاسیۆن و تێفکرین و ئەندێشەمەندی بە..پتر و پتر لە خۆت و دونیا ورد بەرەوە.

**سەرچاوە:**
OSHO
Love، freedom، aloneness
THE KOAN OF RELATIONSHIPS
St. Martin’s Griffin
New York
Copyright: 2001
www.osho.com